لە دیداری شێخ و پیاوە دیارەکانی سەلاحەدین سەماحەتی حەکیم گرنگی یەکێیزی نیشتمانی و بەردەمی پێیوەندییەکان لەگەڵ هەزە عەراقییەکان دووپات دەکاتەوە



لەمیوانخانەی ئەندامی نوێنەران بەڕێز دکتۆر ئەحمەد عەبدوڵا ئەلجبووری (ئەبومازن) سەرۆکی پارتی هاندەرانی نیشتمانی و بە ئامادەبوونی بەڕێز بەدر مەحموود ئەلفەحل پارێزگاری سەلاحەدین، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هەزەکانی دواتەتی نیشتمانی چاوی بە کۆمەڵکی زۆر لە شێخ و پیاوە دیارەکانی پارێزگای سەلاحەدین کەوت.

لەم چاوپێکەوتنە، سەماحەتی حەکیم باسی پێیوەندی مێژووییی هەزەکانی عەراقی لەگەڵ مەرجەعیەتی ئیمام موحسین ئەلحەکیم کرد (نەهنی پارێزراو بێت) و دووپاتی کردەوە کە گرنگێ بەرژەوەنددی هاوبەش و ئینتیما بە خاگی عەراق پارێزراو بێت، دووپاتیشی کردەوە کە یەکێیزی نیشتمانی لە نێوان هەزەکانی گەلی عەراق و برایەتی ناونیشانی گرنگن و پێوبستە پارێزگاری لێ بکرێت.
سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بەوەشکرد کە تایەفگەری کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر کۆمەڵگا هەیەو جێختی لەوە کردەوە کە تائیفی لە عەراقدا خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسییە کە ئامێش بەرژەوەندیکان و ئامارەکانی ئەو هاوسەرگیرییە تەکنەواوانەی کە لەلوتکەی پێکدادانی تائیفیدا ڕووياندەوە دەیسەلمێنێت کە خەڵکی عەراق توانای زاڵبوونیان بەسەر ئەو دابەشبوونانەدا هەیە.

بەڕێز حەکیم جێختی لەوەش کردەوە کە ئەم سەردانە پێویستە بە بەهێزکردنی پێیوەندی و یەکخستنی نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای عەراق لە چوارچێوەی هەمان نیشتماندا و دووپاتیشیکردەوە کە عەراق لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و ئابووری و گشتاندا دەخێکی سەقامگیریی بە وڵنەی بەخێیەوە بینیوە..
لەکۆتایی قسەکانیدا، بەڕێز حەکیم بانگەشەی بە تێشك حستنە سەر ئەرێنییەکان و گشبینی کرد، گوتیشی ئێستا عەراق بە چاوی خەڵکی دیکە جێی ستایش و سەرسوڕمانە،خەڵك وەك ولاتێك سێیری دەکەن کە پشکوتوە، سەماحەتی جێختی کردەوە کە پێویستە لە گوتاری توند و تیژ دوور بکەونەوە و پێیوەندییەکان لەگەڵ ولاتانی دراوسێ و نزدووەتی باشتر بکەین، بەشوێك کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی عەراق بکات.